# خۆپیشاندانی ڕەوەندی کورد لە کەنەدا سەرکەوتوانە بەڕێوە چوو .

ڕۆژی 18–4 –2006 ڕەوەندی کورد لە کەنەدا خۆپیشاندانێکی هێمنانەی بۆ بەردەم پاڵوێزخانەی میسری لە ئۆتاوە سازکرد , وەکو ناڕەزایەك دژ بەو تاوانەی بەرانبەر 18 پاکیزەی ئەنفالکراوی کورد کراوە , نوێنەری خۆپیشاندەران ,هەر یەك لە کازیوە سالح , جەعفەر تۆفی و ڕزگار عەلی , پەیامی خۆپیشاندەرانیان گەیاند بە باڵوێزی میسر جگە لە گەیاندی پەیامی ڕێکخراوی چاك کە سەبارەت بە هەمان مەبەست ئامادەیان کردووە .
دیداری نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە باڵوێزخانەی میسری زیاتر لە نیو کاتژمێری خایاند و تێدا باس لەو ناهەقیە گەورە دەربارەی کورد و ژنی کورد کراوە لە پرۆسەی ئەنفال و نەهامەتیەکانی کوردا .
هەر وەها سەبارەت بە ڕووی زمانەوانی بەڵگەنامەکە قسەکرا و دەرئەنجام ئەوانیش بڕوایان هێنا کە موخابەراتی عێراقی کەسانێك زیاتر نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیر بوون, دەکرێ هەڵەی زمانەوانی گەورەیان هەبێت , بە تاییەت کە لە لایەن نوێنەرانەوە ئەوە ڕوون کرایەوە کە سەرجەم بەڵگەنامەکانی ڕژێمی سەدام بە هەمان شارەزایی زمانەوانی نووسراوە و تەنانەت خودی سەدام حسین خۆشی لەوە خراپتر ئاخافتوە .




لە کۆتاییدا هەڵویستی باڵوێزخانەی میسری زۆر ئیجابی بوو , پەیمانی ئەوەیان دا کە داواکاری و بەڵگەنامەکە دەگەیەنن بە دەسەڵاتدارانی میسر لە قاهیرە و لێکۆڵینەوەی جدی لە سەر ئەو مەسەلەیە دەکەن و بە نووسراوی ڕەسمی وەڵامی ڕەوەندی کورد دەدەن , هەروەها بە مافی خۆپیشاندەرانیان زانی کە داوای چارەنووسی کەسانی وون و چەوساوەیی نەتەوەیی خۆیان بکەن.
بە دواییدا لیژنەیەك کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان جەعفەر تۆفی , کازیوە سالح , سەلاح ڕەشیدی هونەرمەند و دڵشاد هەمەوەندی سەردانی باڵوێزخانەی عێراقیان کرد و بەرێز هاوار کاکە زیاد باڵوێزی عێراقیان بینی و لەو دیدارەدا داوایان لێکرد کە ئەویش لای خۆییەوە و بە پێی ئەو مافەی پێی بخشراوە دەستێوەردانی دبلۆماسیانە و سیاسیانەی خۆی هەبێت سەبارەت بە هەمان مەسەلە .

ڕەوەندی کورد لە کەنەدا